ATLAS OF URINE ANALYSIS

شیکردنەوەی کرداری میز

بە وێنە و بە نوسین

Online

MOTIVATION GROUP

SKILLS & LEARN

وانەی یەکەم

پێناسەی میز

URINE DEFINITION

میز بریتییە لەو شلە زەردباوە ڕوونەی کە لەلایەن گورچیلەکانەوە دەپاڵێورێت لە ڕێگەی میزەڕۆوە دەر دەهاویشترێتە دەرەوەی لەش, سەرەتا لە پلازما بۆناو نیفرۆنەکان کە یەکەی پالاوتن و چالاکی گورچیلەکانن و دواتر دووبارە مژینەوەی بەشێك لەئاو و پێکهاتەکانی ناو میزو دواتر دەرهاویشتنی میزەکە بۆناو میزڵدان دواتر بۆ دەرەوە لە ڕێگەی میزەڕۆ , ئاسایی میز بەشێکی زۆری لە ئاو پێك دێت کە نزیکە لە سەدا(٪ ٩٥) دەگرێتەوەو بەشەکەی تری بریتییە لە مادەی ئەندامی و نائەندامییەکان و یوریاو خوێیەکانی تر و هتد....

قەبارەی میزکردن دەوەستێتە سەر ئەو شلەیەی کەکەسەکە وەری دەگرێت ڕۆژانە و باری تەندروستی وکێشی کەسەکە وکارو چالاکییەکانی ئەوکەسە وەکو ئیش کردن و وەرزش و هتد...

پێکهاتە گرینگەکانی ناو میز بریتین لە (یۆریا ,کریاتینین , یوریك ئەسید ,کلۆراید , سۆدیۆم ,پۆتاسیۆم , فۆسفەیت ,ئامۆنیەم , کالیسیوم ...).

ئەم شیکاریە بۆ ئەوە دەکرێت هەتا یارمەتیمان بدات لە :

یەکەم : دیاری کردنی نەخۆشیەکانی گورچیلە و میزەڕۆ .

دووەم : دیاری کردنی نەخۆشیە بۆماوەییەکان و نەخۆشیە زکماکیەکان و ئەو نەخۆشیانەی کە نیشانەیان کەم دەر دەکەوێت.

سێیەم : بۆزانینی کاریگەری نەخۆشیەکە.

چوارەم : بۆ زانینی کاریگەری بەکار هێنانی دەرمان لەلایەن نەخۆشەکەوە کە دکتۆر پێی دەدات.

﴿ کۆکردنەوەی سامپڵی میز ﴾

URINE COLLECTION

دیارە زۆر رێگا هەیە بۆ کۆکردنەوەی سامپڵی میز, ئەم کردارە پشت دەبەستێت بە جۆری ئەو شیکاریەی کە پێویستە بکرێت بۆ نەخۆشەکە و جۆری نەخۆشیەکەی .

سێ شێوازی سەرەکی هەیە یان سێ رێگا بۆ کۆکردنەوەی سامپڵی میزەکە ئەوانیش :

یەکەم : کۆکردنەوەی هەڕەمەکی (Random urine).

دووەم : کۆکردنەوەی میزی بەیانیان (First Morning Urine).

سێیەم : کۆکردنەوە لەکاتی دیاری کراو (Timed Specimen).

١- کۆکردنەوەی هەڕەمەکی : لەم شێوازەی کۆکردنەوە سامپڵی میزەکە هیچ ڕێنومایەکی تایبەت نادرێ بە نەخۆشەکە بەڵکو لەهەر کاتێکدا بێت میزەکە لە نەخۆشەکە وەر دەگیرێت و ئاسای شیکاریەکەی بۆ دەکەی بۆیە شیکاریکە زۆر ورد و پشت پێبەستراو نیە و بەڵگەیەکی ناشکرات پێنادات لەسەر نەخۆشی و هیلاکی کەسەکە چونکە لەوانەیە زۆر ئاوی خواردبێتەوە یان زۆر وەرزشی کردبێت خواردنی جۆراو جۆری خواردبێت.

٢- کۆکردنەوەی میزی بەیانیان : لەم شێوازەی کۆکردنەوەی سامپڵی میزەکە ڕێنومای دەدرێت بە نەخۆشەکە کە لە دوای چوونە سەر جێگا تا بەیانی کە نزیکەی (٨) سەعات دەکات خواردنەوەی زۆر ناخواتەوەو وەرزش نابێ بکات بۆ ئەوەی مادە تواوەکانی ناو میزەکە بەباشی چڕببنەوەو لەمیزەڵدان کۆببنەوە وەکو (پرۆتین و نایترەیت و .....هتد) لەگەڵ ئەوەشدا (خرۆکە سورەکان و خرۆکە سپیەکان و کاستەکان) تاڕادەیەك وەکو خۆیان دەمێننەوە لەم جۆرە سامپڵەدا و لە (PH) ی ترش,هەر چەندە کۆبوونەوە و خەست بونەوەی خوێیەکان کار دەکاتە سەر شکڵ و قەبەبارەی خانەکان بەڵام زۆر جاریش دەتوانی بۆ شیکاری (Cytology) و لێکۆڵینەوە لە خانەکان بەکار بێت بەڵام ئەگەر خەستی میزەکە کاری لە خانەکان کردبوو ئەوا جارێکی تر بەڕێگەی هەڕەمەکی سامپڵەکە وەردەگرینەوە.

٣- کۆکردنەوە لەکاتی دیاری کراو (Timed Specimen).

لەبەر ئەوەی زیندە چالاکیەکانی لەش لە گۆڕانی بەردەوام دایە و جوڵەی ڕۆژانەی بەردەوامیش ئەوا گۆڕانکاری لە دەرهاویشتنی مادەکانیش ڕوو دەدات وەکو (هۆرمۆن و پرۆتین و ڕێژەی پاڵاوتن لە گورچیلەکان) و ...هتد و بۆیە هەموو ئەمانە کاریگەریان دەبێت لەسەرکار و چالاکیەکانی ڕۆژانە و ڕاهێنانەکان و وەرزش و وەرگرتنی شلەمەنی زۆر(Hydration) و زیندە کارلێکەکانی لەش (Metabolism) بۆیە لێکۆڵینەوەو شیکاری بڕی واتە (Quantitative urine analysis) پێویستی بە کۆکردنەوە و وەرگرتنی سامپڵی میز هەیەلە کاتێکی دیاری کراودا بە پێی جۆری شیکاری و نەخۆشیەکە ئینجا (٢,١٢,٢٤) سەعات.

بۆ نمونە کۆکردنەوەی میز لە (٢ ی دوای نیوەڕۆ) هەتا (٤ ی دوانیوەڕۆ) یان کۆکردنەوەی میز لە ماوەی (٤) سەعات یان (١٢) سەعات بۆ لێکۆڵینەوە و دیاری کردنی (ئەلبۆمین و کریاتینین و یان ڕێژەی ئەلبۆمین بۆ کریاتینین) (Albumine -to-creatinine ratio) یان بۆ شیکاری (Microalbumineuria) بەڵام پێویست ناکات ئەوەی بۆ دیاری بکەی کە لە چ کاتێکی ڕۆژدابێت بەڵام بە پێچەوانەوە بۆ شیکاری (Urobilinogen) دەبێ کۆکردنەوەی سامپڵی میزەکە لە (٢) ی دوانیوەڕۆ بۆ (٤)ی دوانیوەڕۆ بێت چونکە لەو ماوەیەدا زۆرترین ڕێژەی لێ دەر دەهاویشترێتە دەرەوە لە ڕێگەی گورچیلەکانەوە لەو ماوەیەدا.

لەبیرمان نەچی زۆر جار پێویست بە هەڵگرتن و پاراستنی سامپڵی میزەکە دەکات بۆ دەستکەوتنی نە نجامێکی وردی شیکاریەکان یان هەندێك جار بەکارهێنانی دەرمان و خواردنی جۆراو جۆر کاریگەری لەسەر نە نجامی شیکاریەکان دەبێ.

﴿ چۆنیەتی کۆکردنەوەو وەرگرتنی میز ﴾

TYPE OF URINE COLLECTION

یەکەم: کۆکردنەوە لەناوەڕاستی میزکردندا (Midstream urine).

هیچ ڕێنومایەکی پێشوەخت نادرێ بە نەخۆشەکە و سامپڵەکە گونجاوە بۆ چاندن (Culture) و (Cytology).

دووەم: کۆکردنەوە بە کاسێتەر (Catheterization).

بەهەمان شێوە سامپڵەکە بە کاسێتەر وەردەگیرێ و بۆ چاندن (Culture) و (Cytology) گونجاوە.

سێیەم: کۆکردنەوەی میزەکە لە ڕێگەی سکەوە بەهۆی دەرزی (Suprapubic Aspiration).

ڕاستەوخۆ دەرزی لە میزەڵدان دەدرێت و میزەکە ڕادەکێشرێت و بۆ چاندن (Culture) و (Cytology) زۆر گونجاوە .



چوارەم: کۆکردنەوە لەڕێگەی کیس (Pediatric collection bag).

ئەم ڕێگەیە زیاتر بۆمندالان گونجاوە و بەکار دێت.

﴿ پاراستن و هەڵگرتنی میز ﴾

URINE PRESERVATION

کرداری پاراستن و هەڵگرتنی سامپڵی میز بۆئەوەیە میزەکەو پێکهاتەکانی ناوی وەکو خۆی بپارێزین تائەوکاتەی ئیشی لەسەر دەکەین ، لەدوای کۆکردنەوەی میز ئەگەر ڕاستەوخۆ لە ناو تاقیگەدابوو ئەوا کاری لەسەر دەکەین و پێویست بە هەڵگرتن ناکات, بەڵام ئەگەر لەو کاتە کاری لەسەر نەکەین و یان لە شوێنێکی دوور لە تاقیگە بیگوازینەوە ئەوا پێویست بە هەڵگرتن و پاراستن دەکات بەتاییەت ئەگەر نزیکەی دوو سەعات مایەوە پێش ئیشلەسەرکردن بۆیە دەبێ بە ڕێگەیەکی زانستی هەڵی بگری ,ئەم هەڵگرتن و پاراستنەش هەڕەمەکی نابێ بەڵکو پشت دەبەستێ بە شێوازی کۆکردنەوەی میزەکە و هەروەها جۆری نەخۆشیەکە و ئەو شیکاریانەی کە بۆی دەکەی .

بۆچی پێویستە سامپڵی میزەکە هەڵبگرین وببپارێزین؟

بەپێی سەرچاوەکان و زانیاریی دەست کەوتوو دەبێت لە بەرکەوتن لە ڕوناکی و مانەوەی میزەکە لە پلەی گەرمی ژوردا بپارێزرێت , چونکە زۆر گۆڕانکاری کیمیایی فیزیایی مایکرۆسکۆپی ڕوددەدن بەمەش ئە نجامیکی هەڵەی شیکاری میزەکەمان دەست دەکەوێت بونمونە

یەکەم : بەگۆڕانی تواوەکان و خوێیەکانی ناو سامپڵی میزەکە ئەوا ڕەنگی میزەکەش گۆڕانکاری بەسەردادێت .

دووەم : گەشەی بەکتریاکان زیاد دەکات بەمەش ڕەنگ و بۆنی میزەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت

سێیەم : تواوەکانی ناو میز بەشێوەی (ئەمۆرفەس) دەنیشن بەمەش ڕوونی میزەکە تێك دەدەن لەگەڵ گۆڕانکاری لە (pH) و جگە لەوەش لە نیتریت و (pH) ی میزەکە زیاد دەبن بەهۆکاری گەشەی زۆری بەکتریکان و وە یوریا دەگۆڕێت بۆئەمۆنیا , لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکاری بەسەر کریستاڵەکاندا دێت لە شکل و قەبارەو ڕەنگیش .

PRESERVATION

وەکو باسمان کرد هەڵگرتن و پاراستنی سامپڵی میز لەسەر بنەمای جۆری شیکارییەکانە کە لە میزدا دەکرێن لەگەڵ شیوازی کۆکردنەوەی میزەکەیە , بەشێوەیەکی گشتی سامپڵی میزەکە دەبێت لەپلەی (٤ هەتا ٦)پلە هەڵبگیرێت نەمەش بۆنەوەیە کە سامپڵەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە تا کاتی شیکارییەکە دێت , بەڵام بۆ شیکارکردنی مایکرۆبایۆلۆجی و(زرع) پێویستە سامپڵەکە بەشێوەی بەستو بگوێزرێتەوە بۆ ڕێگری لە گەشەو پیسبوون بە بەکتریاکان و میکرۆبەکانی تر وەکو کەرۆەکان بۆماوەی (٢٤) سەعات نەمە گونجاوە بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە بە ساردکردن و بەستنی سامپڵی میزەکە کریستاڵی (نەمۆرفەس یوریەت یان فۆسفەیت) دروست دەبێت و کاردەکاتە سەر ئەنجامی ئاسایی شیکارییەکە .

جۆرێکی تر لە هەڵگرتن و پاراستنی میز هەیە کە ئەویش زیاد کردنی ئاوێتە کیمیاییەکانە بۆ میزەکە بەم ڕێگایە پشت دەبەستین بە :

یەکەم : جۆری شیکاریەکە.

دووەم : چەند شیکاری لەو سامپڵە دەکرێت.

سێیەم : چەند سلمپڵەکە دەمێنێتەوە هەتا کاری لەسەر دەکەی.

بە کورتی:

یەکەم :- بەستن:-(Refregeration) بۆ چاندن (زرع) و شیکاری ئاسایی میز باشە کە ڕێگە لە زیاد بوون و گەشەی بەکتریاکان دە گرێت تا کاتی ئیش لەسەر کردن .

دووەم :-کومێرشیاڵ تیوب (Commertial tube): بۆشیکاری ئاسای میز باشە ناهێلێت کریستاڵ و پێکهاتەی کیمیایی دروست بین بۆ چاندن (زرع) یش باشە .

سێیەم :- سایمۆڵ (Thymol) نیشتوو کریستاڵەکان دە پارێزێت ڕێگە بەگەشەی بەکتریاکان و کەرۆەکان نادات .

چوارەم:- فۆرمالین (Formaline) ڕێگەیەکی باشە بۆ پاراستنی خانەکانی ناو سامپڵەکە .

پێنجەم:- جێگیرکەری ساکۆمانۆس (Saccomanno's fixative) پارێزگاری لەخانەکان دەکات و نرخیشی هەرزانە .

(Acids (HCL,glacial acetic acid : کالسیۆم فۆسفەیت و ستیرۆید هۆرمۆنەکان دەپارێزێت تاکاتی شیکارییەکە .

شەشەم:-کاربۆناتی سۆدیەم (Sodium carbonate) پۆرفیرین دەپارێزێت لەگەڵ پرۆفۆ بیلینۆ جین .

PHYSICAL EXAMINATION OF URINE

﴿ ڕەنگە جیاوازەکانی میز ﴾

COLOR OF URINE

ڕەنگی ئاسای میز زەردێکی کاڵە،ڕەنگی میز هەمە جۆرەو دەگۆڕێت لەبێڕەنگەوە بۆڕەش , ئەو هەمە جۆرییەتیە دەگەڕێتەوە بۆ مێتابۆلیزمە ئاساییەکان ,چالاکی فیزیکی , ماددە قوتدراوەکان , بارودۆخی نەخۆشییەکان , گۆڕانی ڕەنگی میز زیاتر تێبینی دەکرێت لەو نەخۆشانەی کە چارەسەر وەردەگرن وە دیاری کردنی ئەوەی کە ڕەنگەکە ئاساییە یان نیشانەی نەخۆشییە لەئەرکی تاقیگەکان دایە .

ڕەنگە ئاساییەکانی میز

دەستەواژەی زۆربەکاردێت بۆ باس کردنی ڕەنگی میزی ئاسایی دەکرێت جیاوازبێت لەتاقیگەیەکەوە بۆیەکێکی تر بەڵام دەبێت لە هەر تاقیگەیەك شیکردنەوە و دیاریکردنەکە بەشێوەیەکی جێگیربێت , شیکردنەوە جیازوازەکان بۆڕەنگی میز بریتین لە (زەردی کاڵ , زەرد , زەردی تۆخ ,سور, پرتەقاڵی ,قاوەی کاڵ,قاوەی سورباو, کۆکاکۆلا, مۆر , سوز, شیری , بێڕەنگ,ڕەش, پەمەی ,سەوز...هتد) .

دەبێت بەوریاییەوە سامپڵەکە بخرێتە سەرباگراوەند یان شتێکی سپی بۆئەوەی ڕەنگەکە جوانتر دیاربێت .

ڕەنگی زەردی میز دەگەڕێتەوە بۆ بونی بۆیەیەك کە ناواسراوە بە (یۆرۆکڕۆم (urochrome) کەبەرهەمی مێتابۆلیزمی ناوەوەی لەشە بە بڕێکی جێگیر بەرهەم دێت، ئەم بۆیەیەی لە چەوریدا دەتوێتەوە و لە پلازمای خوێندا هەیە و لە ڕێگەی میزەوە دەردەهاوێشترێتە دەرەوە , بڕی ڕاستەقینەی بەرهەم هاتووی (یۆرۆکڕۆم) بەندە لەسەر باری مێتابولیکی لەش , وە بڕێکی زیاتر دروست دەبێت لە حاڵەتەکانی (نەخۆشی ڕژێنەکانی دەرەق) ی وە لەحاڵەتی برسێتی یان بەڕۆژوو بوون ,(یۆرۆکڕۆم)زیاد دەکات کاتێك لە پلەی گەرمی ژوور دابندرێت .

بەهۆی ئەوەی کە (یۆرۆکڕم و دەرهاویشتن) جێگیر و نەگۆڕن لە حاڵەتی ئاسای بۆیە خەستی و ڕەنگی سامپڵی میزەکە ڕادەی وشکبوونەوەو کۆبوونەوەی زۆری ئاو لەلەشدا دەردەخەن .

لەو کەسانەی کە لاوازی گورچیلەیان هەیە (یورۆکڕۆم) کەمە لە میزیاندا چونکە ڕێگری دەکرێت لە دەرهاویشتنی ئەم بۆیەیەی لەڕێگەی گورچیلەکانەوە لەبەر ئەوە ئەم بۆیە زەرد باوە دەچێتە ژێر پێست و تێکەڵ بە چەوری دەبێ و هەر لەبەر ئەمەشە ڕەنگی نەخۆشەکەش زەرد و کاڵ دەبێ.

دوو بۆیەی تر کە ناویان (یۆرۆئیرسیرین و یۆرۆبیلینن) (Urobilin & Uroerithrin) بەبڕێکی کەمتر بونیان هەیە لەمیزێکی تازەدا , بونی ڕەنگی (یۆرۆئیرسیرین) کە بۆیەیەکی ڕەنگ گوڵیە ئاماژەیە بۆئەوەی کەسامپڵەکە خراوەتە ساردکەرەوە کە بۆتەهۆی نیشتنی (نەمۆرفەس یورییەت) یان هەر نەخۆشەکە خۆی کریستاڵی یورەیتی زۆرە.

(یۆرۆئیرسیرین) لەگەڵ (یورییەت) یەك دەگرێت بۆدروست کردنی ڕەنگێکی گوڵی ,(یۆرۆبیلین)کە بەرهەمی ئۆکسانی پیکهاتەی ئاسایی میزەڕۆیە کەئەویش (یۆرۆبیلینۆجینە) کەڕەنگێکی (پرتەقاڵی- قاوەیی) دەدات بەمیزە تازەکە بەتاییەتی ئەگەر میزەکە (PH) ە کەی ترش بێت .

ABNORMAL COLOURS OF URINE

﴿ ڕەنگە نائاساییەکانی میز ﴾

ڕەنگی نائاسایی میز هەمەجۆرە لەگەڵ هۆکارەکانیان کە هەندێکیان گرینگیان زیاترە لە هەندێکی تریان لە ڕووی دیاکردنی نەخۆشییەوە بەم شێوەیە لە خوارەوە باسیان دەکەین.

یەکەم : زەردی تۆخ – زەرد باو و پرتەقاڵی

میزی زەردی تۆخ یان زەرد باو هەموو کات دەرخەری خەستی سامپڵی میزەکە نییە لەوانەیە بەهۆی بونی ڕەنگی نائاسایی (بیلیرۆبین) دوە بێت ,ئەگەر (بیلیرۆبین) هەبێت ئەوا لەکاتی تاقیکردنەوە کیمیاییەکە کەبە ستریپ دەکرێت دەردەکەوێت, میزێکی ئاسایی تەنها بڕێکی کەم لەکەف دروست دەکات کاتێك سامپڵەکە بجوڵێندرێت یان تێك بدرێت کە دواتر دیار نامێنێت وە بڕێکی زۆر لەو کەفە سپیە دەکرێت وەك ئاسەرەوەیەك بێت بۆبونی ڕێژەیەکی زۆرلە پرۆتین , ئەو سامپڵەی کە بیلیرۆبینی تێدایە لەوانەیە نەخۆشەکە تۆشی ڤایرۆس و هەوکردنی جگەری یان شێر پە نجەی کۆئەندامی هەرس و جگەری بوبێت بۆیەدەبێت بەوریایەوە مامەڵە لەگەڵ سامپڵەکە بکرێت .



ئۆکسانی ڕێژەیەکی زۆر (یۆرۆبیلینۆجین بۆ یۆرۆبیلین) بەهۆی ڕوناکیەوە دەکرێت ڕەنگی میز بگۆڕێت (بۆزەرد – پرتەقاڵی), هەرچەندە زەردێکی کەفاوی نابیندرێت کاتێك سامپڵەکە بجوڵێندرێت بەشێوەیەکی ئاسایی ,ئۆکسانی(بیلیرۆبین بۆ بیلیڤێریدین) دەبێتە هۆی دروست بوونی زەردێکی سەوز باو لەمیزدا , هەندێك جار سامپڵی میز لە تاقیگەکاندا ڕەنگێکی زەردی پرتەقاڵی باو دەبێت بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانی (فینازۆپایریدین) یان ناوێتەکانی (نازۆ –گانتریسین) بۆئەو نەخۆشانەی کە هەوکردنی ڕێڕەوی میزیان هەیە ئەوڕەنگە پرتەقاڵیە تۆخە یا چڕە تەنیا ڕەنگی ئاسایی میز ناگۆڕێت بەڵکو کاریگەری دەبێت لەسەر کارلێکە کیمیاییەکان کە پشت بە ڕەنگ دەبەستن بۆیە دیاری کردنی بوونی(فینازۆ پایریدین) گرینگە بۆئەوەی تێستی تر بەکاربێت بۆ ئەو سامپڵانەی کە (فینازۆ پایریدینیان) تێدایە بۆئەوەی بەهەڵە بەبونی بیلیرۆبین دیاری نەکرێت کاتێك ڕەنگی زەردێکی کەفاوی دروست دەبێت کە تێکدرا ,سەرەڕای ئەمەش بەکارهێنانی ئەم دەرمانە کار لە گۆڕانی زۆربەی تێستە کیمیاییەکانی(یوریسکان)دەکات و ئەنجامی هەڵە دەدات .

دووەم :- سور- پەمەیی –قاوەیی

یەکێك لەڕەنگە نائاساییە هەرەباوەکانی میز بوونی خوێنە, سور ئەوڕەنگەیەکە دروست دەبێت لەمیزدا بەزۆری بەبوونی خوێن وە دەکرێت بگۆڕێت بۆ پەمەیی یان قاوەیی بە پشت بەستن بە بڕی خوێنەکە و (ph) ی میز , ئەوخڕۆکەسورانەی کە لەمیزێکی ترشدا دەمێننەوە بۆکاتێکی زۆر ڕەنگی قاوەیی دروست دەکەن بەهۆی ئۆکسانی (هیمۆگلوبین) بۆ (میسمۆگلوبین) ,هەردوو مادەی پڕۆتینی سەر خڕۆکە سورەکان کە(هیمۆگلۆبین و مایۆ گلوبین)ن ڕەنگی سور دروست دەکەن لەمیزدا لەئەنجامدا تێسیتی کیمیایی بۆخوێن (پۆزەتیڤ) دەردەچێت کاتێك خڕۆکە سورەکان بونیان هەبێت لەمیزدا ئەوا سامپڵەکە لێڵ دەردەکەوێت وە کە (هیمۆگلۆبین) و (مایۆ گلوبین) هەبن ئەوا سامپڵەکە سور و ڕوون دەردەکەوێت جیاکردنەوەی (هیمۆگلۆبین و مایۆ گلوبین) دەکرێت بکرێت لەڕێگای تێستی (پلازما)ی کەسەکەوە .



بونی (هیمۆگلۆبین) لە میزدا لە ئەنجامی تیکشکانی خڕۆکە سورەکانە لەناوەوەی لەش پێش ئەوەی بگاتە گورچیلەکانیان لەناو خودی گورچیلەکان و تێکشکانی پەیکەرە ماسولکەکان دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی (مایۆگلۆبین)لەگەڵ میزەکە, (مایۆگلۆبین) خێراتر جیادەکرێتەوە و دەپاڵێورێت وەك لە (هیمۆگلۆبین) لەپلازمادا بۆیە کاریگەری نابێت لەسەر ڕەنگی پلازما , میزێکی تازە کە (مایۆگلۆبین) ی تێدابێت ڕەنگێکی زیاتری سوری قاوەیی باو دروست دەکات وەك ئەوەی کە هیمۆگلۆبینی تێدابێت سامپڵەکە .

لەگەڵ ئەوەشدا سامپڵێك کە(پۆرفیرین) ی تێدابێت لەوانەیە بێتەهۆی دروست کردنی ڕەنگێکی سور لەسامپڵەکە, لەئەنجامی ئۆکسانی (پۆرفۆبیلینۆجین) بۆ (پۆرفیرین)کە ڕەنگی وەك شەڕاب وایە .

سوربوونی میز دەکرێت ڕوبدات بەبێ بوونی هۆکاری ئەخۆشییەکان وەك سوڕی مانگانە , خواردنی ئەو خۆراکانەی کە ڕەنگیان تۆخە وەکو چەوەندەر ,دەرمان ئەوکەسانەی کە لەڕووی جێنێتیکەوە زوو کاریگەر دەبن بەخواردنی چەوەندەری تازە دەکرێت بێتە هۆی دروست بوونی ڕەنگی سور لەمیزێکی تفتدا و خواردنی گێلاس ڕەنگی سور دروست دەکات لەمیزێکی ترشدا.

وە زۆرێك لە دەرمانەکان ڕەنگی سور دروست دەکەن لە میزدا وەك (ڕیفانین ,فینۆسیازین فینینداین,فینۆلفسالین)

white or milky urine
B.Baboly

Red color urine


Ghost Rbc with in
High alkaline pH


Bloody Color Urine

بەکورتی :

یەکەم : میزی بێرەنگ یان زەردی کاڵ

بەزۆری ئەو میزە ڕوونە ئەمەش بەهۆی تۆش بوون بە نەخۆشی شەکرە و زۆر ئاو خواردنەوەو وەر گرتنی فلودی زۆر .

دووەم : میزی زەرد

ئەم ڕەنگە ئاسایە واتە نۆرمالە و بڕی ئەو بۆیەی کە تێیدایە لە یورۆ کرۆم و یورۆئیریسرین و یورۆ بیلینی بڕێکی ئاساییە.

سێیەم : میزی زەردی تۆخ

واتە ئەو میزە خەست بۆتەوە و ڕێژەی بۆیەی یورۆبیلینی زۆرە ئەمەش لەوانەیە بەهۆی وشکبونەوەو بەرز بونەوەی تا و زۆر هیلاك بوون و یان بەزۆری یەکەم میزی بەیانیان بەزۆری ڕەنگی زەردی تۆخە.

چوارەم : زەردی تۆخی سەوز باو

ئەمە بەهۆی بوونی ڕێژەی زۆری بیلیرۆبین و بیلیڤێردینەوە دەبێت زیاتر بەهۆی بوونی کێشەی کۆئەندامی جگەرەوە دەبێت.

پێنجەم : میزی پرتەقاڵی

بەهۆی زۆر خواردنی ئەو سەوزەو میوانەی کە ڕێژەیەکی زۆری کارۆتینی تێدایە ,یان بەهۆی وەرگرتنی هەندێك دەرمانەوە دەبێت وەکو (Phenzopyridine) , (Warfarin),(Rifampin).

شەشەم : میزی زەردی بریسکەدر

هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕاییۆفلاڤین کە سەرچاوەکەی خۆراك و وەرگرتنی مەڵتیڤیتامینەکانە.

حەوتەم : میزی قاوەی زەرد باو

هۆکارەکەی بەس وەرگرتنی دەرمانە وەك و (Nitrofuranation).

هەشتەم : میزی پەمەی

هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خڕۆکەی سوری خوێن و شیبونەوەیان لەناو میزەکەدا یان بەهۆی هەندێك خۆراکی ڕەنگدارەوە دروست دەبێت, یان بەهۆی نۆکسانی پرۆفۆبیلینۆجین بۆ پرۆفۆ بیلین کە ئەمەش بەهۆی تێکچوونی جینەکانەوەیە (Porphyria).

نۆیەم : میزی سور

بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆری خڕۆکە سورەکانەوە میزەکە ڕەنگی سور دەبێت , یان بەهۆی خواردنی ڕوەك و دەرمانەوە وەکو (Senna, beet).

دەیەم : میزی بنەوشەی سوربـاو

بەهۆی بوونی (Porphyrin) لە ئەنجامی نۆکسانی (porphyrinogen) کە بێرەنگە بۆ پێکهاتەی ڕەنگداری (porphobilinogen) کە ئەمەش نەخۆشیەکی بۆماوەییە.

یازدەهەم : میزی قـاوەی

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی (myoglobin) مایوگلۆبین و خڕۆکەسورەکان و بەکار هێنانی دەرمان و وەکو (metronidazole).

دوازدەهەم : میزی قـاوەی تۆخ بۆ ڕەش

ئەمە بەهۆی بوونی (melanin) ەوەیە کاتێك میلانۆ جین دەگۆڕێت بۆ میلانین یان (Alkaptonuria) کە تێکچونی مێتابۆلیزمی بۆماوەییە یان لە نەخۆشی (Rhabdomyolysis)

سێیزدەهەم : میزی شین یان سەوز

ئەمەش بەهەوکردن و تۆش بوون بە بەکتریای (Pseudomonas)ەوەیە یان وەرگرتنی دەرمان وەکو (Amitriptylin , Indomethasin) ەوە یان بەکار هێنانی زۆری ئەومادانەی کە (Methylinblue , chlorophyll) یان تێدایە.

چواردەهەم : میزی سپی

هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕێژەیەکی زۆری (Pus cells) یان کریستاڵی (Amorphous phosphate , Seminal fluid) یان تێکەڵبوونی میزەکە بە تۆواوی ڕەگەزی نێر.

بۆنی میز

URINE ODOR

لەڕوی میژوویەوە بۆنی میز دەورێکی باشی هەبوە بۆ ئەوەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زیاتر لە میز و هۆکارەکانی گۆڕانی ڕەنگ و بۆنی میز بکرێت. بۆیە تۆش بوون بە نە خۆشی و بەکارهێنانی دەرمان و خۆراك و هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ گۆڕانی بۆنی میز.لەبەر ئەوەی میز کۆمەڵێك پێکهاتەی ئەندامی و نائەندامی و خوێ و کانزاکان و هیتریشی تێدایە بۆنێکی تایبەتی هەیە کە بۆنێکی تا ڕادەیەك بێزار کەرە و ئەڕۆماتیکە. ئەگەر زیاتر بهێڵدرێتەوە ئەوا بەهۆی گەشە و چالاکی بەکتریاکان تیایدا و یوریا زیاتر دەگۆڕێت بۆ ئەمۆنیا بۆنەکەی زیاتر دەگۆڕێت و زۆر بۆنێکی ناخۆشە لە بۆنی ئەمۆنیا دەچێت.

بەشێوەیەکی گشتی میز پاکە و هیچ میکرۆبێکی تێدا نیە و بەڵام کاتێك دەردەهاویشترێتە دەرەوەی لەش بە ئاسانی پیس دەبێت و میکرۆبەکانی تێکەڵ دەبن.بۆیە هەست کردن بە بۆنێکی تایبەتی میزەکە یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی بزانین کە میزەکە کۆنە یان نوێیە یان کەسەکە تۆشی نەخۆشی بوە.سەرەڕای ئەمانە خواردنی هەندێك دەرمان بۆنی میز دەگۆڕن بەتایبەت ئەو دەرمانانەی کە (فینۆلیان) تێدایە یان ئەو دەرمانانەی کە ڤیتامین و کانزاکانیان تێدایە .هەندێك خواردنیش هەیە کە بۆنی میز دەگۆڕن وەکو سیر و هەندێك لە سەوزە وەکو تەرەتوڵە و کوزەڵە و خواردنی گوڵبەڕۆژە بەزۆری بەلام ئەوە مەرج نیە لە هەموو کەسێك وەکو یەك بێ. نەخۆشانی توشبوو بە شەکرەش بۆنی کیتۆن لە میزیان دێ زۆر جار لە هەناسەشیان دێ.

لە خوارەوەش ئاماژەی زیاترمان پێکردوە :

Aromatic ,faintly :- Normal Urine

Ammonical :- old urine , improperly stored

Punget, fetid :- Urinary Tract Infection

Sweet & Fruity :- ketone production due to :

Diabetes mellitus

Starvation,dieting,malnurrition

Streneouos exercise

Vomiting , diarrhea

Unusual odor :- Associated aminoacid disorder

Mousy ,Barny :- phenylketonuria

Maple syrup :- Maple syrup urine disease

Rancid :- Tyrosinemia

Rotting ,old fish :- Trimethylaminuria

Cabbage ,hops :- Methionine malabsorption

Sweety feet :- Isovaleric & glutaric acidemias

Distinctive :- Ingested substance : asparagus , garlic , onion

Menthol like :- Phenolcantaining medication

Bleach :- Adulteration of the specimen or container contamination.